"گفتوگۆی فیکری"



تیرۆری پاساودراو بە ئیسلام

لە نێوان ئایین و واقیعی کۆمەڵگەدا

بوبەکر عەلی (کاروانی)

3 3 0 1 4

SARA CENTER

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library



ناسنامەی کتێب

- ناوی کتێب: تیرۆری پاساودراو بە ئیسلام
- نووسینی: ئەبوبەکر عەلی (کاروانی)
- بابەت: فیکری
- هەڵەگری و ڕێنووس: سوهەیب فاروق
- دیزاین: هونەر عوسمان
- قەبارە: ١٤*٢١ سم
- ژمارەی لاپەرە: ١٦٨ لاپەڕە
- ساڵی چاپ: ١٤٤٣ك / ٢٠٢١ ز / ٢٧٢١ کوردی
- نۆبەی چاپ: یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان.
ژمارەی سپاردن ( )ی ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە



Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

بە ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

پێشەکی

تیرۆری پاساودراو بە ئیسلام لە مێژووی نوێدا، هەر لە شەستەکانەوە و لە ژێر ناشکەنجە و نازاری وەردیانەکانی (جمال عبدالناصر)ی دیکتاتۆرەوە، لە ناو زیندانەکانی میسردا سەری هەڵداوە. شکستی ناسیونالیزمی عەرەبی، هەڵگیرسانی جیهادی ئەفغانستان و سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و شکستی دەوڵەت لە ناوچەکەدا، لە پاڵ دووبارە بووژاندنەوەی گیانی ئیسلامخوازی لە جیهاندا، بوونە هۆی بەرفراوانبوونی قەڵەمڕەوی ڕادیکالیزم و شۆڕش و جیهادخوازیی نوێ. ڕووداوەکانی یانزەی سێپتەمبەر و ئەو ڕەنگدانەوانەی بە دوای خۆیاندا هێنایان، لەوانەش: هێرشکردنە سەر هەردوو وڵاتی ئەفغانستان و عێراق و ڕووخاندنی ڕژێمەکانیان لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە، زەمینەی بۆ وەرزێکی تری ترسناکی توندوتیژی ساز کرد، شکستی پرۆسەی سیاسی دوای ڕووخانی ڕژێم لە عێراق و تاوساندنی گیانی تۆڵەسەندنەوەی مەزهەبی و تایەفەگەری، لە نێوان (سوننە) و (شیعە)دا و دواتر سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و پیلانی کۆنەپەرستیی ناوچەکە دژ بەو شۆڕشانە، کودەتا لە میسر، هەڵگیرسانی شۆڕشی سووریا و دواتر گۆڕانی بۆ شەڕی ناوخۆ، ناستی توندڕەوی و بەکارهێنانی تیرۆر و توندوتیژیی شێلراو بە دەمارگیری و دڵڕەقی و بەرچاوتەنگی و گیانێکی ڕووخێنەر هێندە بەرز بۆوە و پەرەی سەند، ناوچەکەی لە

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

کەناری جەنگێکی مەزهەبی و جەمسەرگیرییەکی هەرێمی نزیک کردەوە. سەرهەڵدانی (داعش) و گەورەبوونی و هاتنەسەر شانۆی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەک هێزێکی ترسناک، هێندەی تر کێشەی تیرۆری وەک تەحەددایەکی ڕاستەقینەی بەردەم فیکری ئیسلامی و عەقڵی سیاسی و گەلانی ناوچەکە زەق کردەوە. ئەمەش وای کردووە، تووندوتیژی و تیرۆری پاساودراو بە ئیسلام، وەک هەڕەشەیەکی فیکری و سەربازی بە یەکەوە، ببێتە گرنگترین تەوەرەی ململانێی ئەم بڕگەیە لە مێژووی ناوچەکە و لەوانەش هەرێم و عێراق.

بوونی ئەم واقیعەش بە سرووشتی حاڵ، لە سۆنگەی جیاوازیی گۆشەنیگای فیکری و ڕێبازی بیرکردنەوەی سیاسی و بەرژەوەندییەوە، تێگەیشتنی جیاوازی بە دوای خۆیدا هێناوە.

هەندێ تونددڕەوی عەلمانی هەر وەک پیشەی لەمێژینە و دژە دیموکراسی و ئایدۆلۆژیکی خۆیان، دەرفەتەکەیان قۆستۆتەوە، بۆ هێرشکردنە سەر خودی ئیسلام و تەوژمی ئیسلامیی ناوچەکە و بە تێکڕای شەبەنگەکانیەوە.

لە لایەکی تریشەوە کارە تووندوتیژی و تیرۆریستییەکانی (داعش) و پێشتریش (القاعدة) و هاوشێوەکانیان، لەگەڵ ڕەخنەی زیاد لە ناوەند و هێز و کۆڕ و کۆمەڵێکی ئیسلامیدا بەرەو ڕوو بۆتەوە. ڕوونیشە تیرۆر بەو ئەندازەی دەبێت لە ڕووی سەربازی و ئەمنییەوە ڕووبەڕووی ببینەوە و سنوور بۆ چالاکی و گەورەبوونی دابنێین، بە هەمان شێوە و زۆرتریش، بەرپەرچی فیکری بدرێتەوە و ڕەوایەتی لە هەموو ئەو لێکدانەوە دینی و مەزهەبییانەش بسەنرێتەوە، کە دەزگای

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

نایدۆلۆژیی هێزە توندوتیژ و تیرۆریستەکان، بە مەبەستی پاساودانی کار و تاوانەکانیان بە کاری دەهێنن.

فیکری ئیسلامیی کراوە و میانڕەویش لە ڕیزی پێشەوەی ئەو فیکرانەدایە، کە ئەم ئەرکە ئیسلامی و ئەخلاقی و ژیارییە ڕووی تێدەکات. بۆ ئەوەی لە ڕوویەکەوە، ئیسلام و ئیسلامییە ناتوندوتیژ و دیموکراتە هاوچەرخەکان نۆبالّی ئەو تاوانانەیان نەکەوێتە ئەستۆ، کە بە ناوی ئیسلام و لە ژێر پەردەی ئەودا ئەنجام دەدرێن و لە ڕوویەکی تریشەوە، لەبەر ئەوەی بە حوکمی ئیسلامیبوونی فیکرەکە، وا چاوەڕوان دەکرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فیکر و بیرکردنەوەی توندڕەوی و تیرۆر، کاریگەرترین بێت، لە سۆنگەی ئەوەوە کە لەسەر هەمان زەمینە و بە هەمان زمان، هەوڵی لێسەندنەوەی ڕەوایی لە گوتاری توندڕەوی و تیرۆری پاساودراو بە ئیسلام دەدات. ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکەش لە ئێستادا و لەبەردەم هەڵکشانی تەوژمی توندوتیژی و تیرۆر لە بەرگی (داعش)دا بۆ لووتکەی ترسناکی خۆی، بوێری و ڕاشکاوی و ڕوونی و یەکلاکردنەوە، بیرکردنەوە بە دەنگی بەرز و زوڵاڵ دەخوازێت، چونکە تیرۆر هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە و دەبێت هەمووان و لە پێش هەموانیشەوە، ئیسلامییەکان لە ڕووی فیکری و کردارییەوە، ڕووبەڕووی بوەستنەوەی بە ئەرکی خۆیانی بزانن و لە هەوڵی وشککردنی سەرچاوەکانیدا بن.

بەڵام نابێت لەمەوە وا تێبگەین، تیرۆری پاساودراو بە ئیسلام، یاخود تیرۆر و توندوتیژی بەگشتی، وەک دیاردەیەکی ژیانی مرۆڤایەتی، بە پلەی یەکەم دیاردەیەکی فیکرییە و زادەی دەق و

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

ناوەرۆک

پێشەکی ٣
پاشکۆکان ١٢٩
پاشکۆی یەکەم
لە یەکەم سالڕۆژی (١١) سێپتەمبەردا، عەقڵی ئیسلامی لە بەردەم دەرهاویشتە و ڕەنگدانەوەکانی (١١)ی سێپتەمبەردا ١٣١
ناوەڕۆ لە پێش (١١)ی ئەیلوول ١٣٣
ململانێکان لە سایەی جەنگی ساردا ١٣٣
دوای ڕووخانی بلۆکی سۆشیالیزم ١٣٦
هەندێ لە بەرەنجامە گشتییەکانی ڕووداوە تیرۆریستییەکە و سیاسەتی ئەمریکا دوای ئەو مێژووە ١٤٠
عەقڵی ئیسلامی لە بەردەم هەژموونی ئەمریکا و ئەو دۆخەی ئێستا لە ناراداید ١٤٣
پاشکۆی دووەم
لە سەروبەندی ڕووداوەکانی یانزەی سێپتەمبەردا، پرسی تیرۆر و تیرۆریزم ١٤٧
پاشکۆی سێیەم
دەربارەی هەرێمی کوردستان و ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش ١٦٢

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library